وكالة الأمم المتحدة للهجرة

**لە کۆتایی پرۆژەی (ماگنێت ٢) دا  ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و هاوکارانی هەڵدەستن بە هەڵسەنگاندنی چۆنێتی خۆگونجاندن و گەرانەوە بۆ باری ژیانی ئاسایی ئەو کۆچبەرە عێراقیانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق.**

پرۆژەی ماگنێت ٢ کە ئاسانکاری دەکات بۆ دووبارە خۆگونجاندن و گەرانەوە بۆ باری ژیانی ئاسایی ئەو عێراقیانەی کە خۆبەخشانە لە شەش وولاتی ئەوروپی دا دەگەڕینەوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەمیش لە ڕێگەی دابینکردنی کۆڕسی پیشەیی و خستنە سەرکار، لە کۆتایی ئەم هەفتەدا لەگەڵ دووا کۆبوونەوە لە بروسل کۆتایی پێهات.

کۆبوونەوەکە لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ سازدرابوو، کە هەریەك لە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و شەش وولاتی ئەورۆپی کە بەشداربوەکەی پرۆژەکە : بەلجیکا، فینلەندا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، هۆڵەندا و بەریتانیا بانگهێش کرابوون. نوێنەرانی مفەوزیەی ئەوروپی (بەڕێوبەرایەتی گشتی کۆچ و کاروباری ناوخۆ) هەروەها سویسراش بەشداربوون لە کۆبوونەوەکەدا. پرۆژەکە کە لە بەرواری ٢٠١٦/٣/٣١ کۆتایی پێدێت، پارەدار کراوە لەلایەن پارە گەڕانەوەی یەکێتی ئەورۆپی.

لەنێوان مانگی نیسانی ٢٠١٤ و مانگی ئازاری ٢٠١٦ دا، پرۆژەی ماگنێت یارمەتی ١٧٠ کەسی گەڕاوەی داوە، بۆ ٨٦ کەس لەوان کاری بۆ دۆزیونەتەوە و ٦٣ کەسیش لەوان سوودبەخش بوونە لە کۆرساکانی پیشەیی و تەکنەلۆجیای زانیاری و زمان بۆ زیادبونی دەرفەتی کار دۆزینەوە. ئەمەش دەستکەوتێکی مەزنە لە کاتێکدا زۆر لە هەڕەشەو قەیران ڕووبەرووی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆتەوە لەوانە ؛ شەڕی دژی داعش، ئاوارەبوونی خەڵکێکی یەکجار زۆر زیاتر لە یەك ملیۆن عێراقی لە ناوەڕاستی هەرێم چونەتە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق، قەرانی دابینکردنی مووچە و هەروەها خراپ بوونی باری ئابوری بەشێوەیەکی گشتی .

بەڕێز شوکر یاسین یاسین، بەڕێوەبەری مەکتەبی پەنابەران و ئاوارە سەر بە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانی عێراق گوتی، "سەرەرای ئەو هەموو قەیرانانەش ماگنێت ناتوانێت بەشێوەیەکی تەواو یارمەتی دابین بکات بۆ دووبارە خۆگونجاندن و بەردەوامی لە  ژیانی ئاسایی، لەوانەش وەکو دابین کردنی کرێی خانوو یاخوود بۆ دەستپێکردنی کارێك، بەڵام ماگنێت و هاوشێوەی پرۆژەکانی بۆ خۆ گونجاندن و بەردەوامی لە ژیانی ئاسایی زۆر گرنگە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا".

بەڕێز نازەنین نوزاریان، بەرێوەبەری پرۆژەی ماگنێت٢ گوتی، "هۆی سەرکەوتنی پرۆژەی ماگنێت ٢ لەوەدایە کە بەجیا جیا ڕاوێژکاری و چاودێری کردنی ئەو هاریکاریەی کە لەلایەن کارمەندانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ دابین دەکرێت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن کاتێك کە گەڕاوەوەکان بەدووای کار دا دەگەڕێن و دووبارە ژیانی خۆیان بنیات دەنێنەوە ناو کۆمەڵگاکەی بنەڕەتی. پرۆگرامی ماگنێت٢ دەورێکی باڵا دەبینێت لە دووبارە خۆ گونجاندنەوە و بەردەوام بوون لە ژیانی ئاسایی ئەو کۆچبەرە گەڕاوەکان".

لە ١٤١ چاوپێکەوتنی سوودبەخش لە کۆتایی پرۆژەکەدا، سەدا ٧٧   خۆشحاڵی خۆیان دەربریوە لە بەشداربوونیان لە پرۆژەی ماگنێت٢ دا. یەکێك لە سودمەندەکان بەناوی گۆران حەسەن سادق دەڵێ، "من زۆر خۆشحاڵم کە لەلایەن ماگنێتەوە یارمەتی دراوم، زۆر خۆشبەختم کە تەنها دووای دوو مانگ لە گەڕانەوەم بۆ هەولێر توانیم کار بدۆزمەوە. هەرچەندە کە موچەکەم کەمە ٤٥٠ دۆلارە بەڵام پێم وایە سەرەتایەکی باشە لەچاو باری ئابووری ئێستای هەرێمی کوردستانی عێراق". گۆران چاودێری ئەمنیە لە یەکێك لە هۆتێلەکانی چوار ئەستێرەی هەولێر.

ئەو کۆمپانیانەی کە لە رێگەی ماگنێتەوە کارمەند بەکرێ دەگرن، سەدا ٧٩ رەزامەندی خۆیان دەربریوە لە کارەکانی کارمەندەکان .  بەرێز عەبدولخالق عبداللە بەرێوەبەری ئاسایشی کۆمپانیای بەرزە دەڵێت، "ماگنێت پرۆژەیەکی زۆر گرنگە چونکە هیوا دەدات بە گەراوەکان و دەرفەتێکیشە بۆ ئەو کۆمپانیاو شەریکانەی بەدووای کارمەندا دەگەرێن، ئەوەی سەرنج

IOM

وكالة الأمم المتحدة للهجرة

راکێشەرە ئەوەیە کە ئەم پەڕۆژەیە بێجگە لەوەی کە کارمەندمان بۆ دابین دەکات بەلکو کۆرسی پیشەیش بۆ گەراوەکان دابین دەکات بۆ ئەوەی شارەزاییی پەیابکەن لە کارەکاندا پێش دەست بەکاربوونیان".

بەرێز رافایلا باتێلا سەر بە مفەوزیەی ئەوروپی (بەڕێوبەرایەتی گشتی کۆچ و کاروباری ناوخۆ) دەڵێت، " مفەوزیەی ئەوروپی هانی بەشداربووانی ئەندامانی وولاتانی یەکێتی ئەوروپا و هەرێمی کوردستان دەدات کە بەردەوام بن لە یارمەتی دانی ئەو کۆچبەرانەی کە بەدووای کار دا دەگەرێن لە هەرێمی کوردستانی عێراق. رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ واباشە کار لەگەڵ پرۆژەکانی دووبارە خۆ گونجاندنەوە و هەروەها کار لەگەڵ دەوڵەمەندەکان و باڵا دەستەکاندا بکات و هەروەها قونسوڵخانەکانیش بگرێتەوە".

سەرۆکی نێردەی رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەعێراق تۆماس لۆسەر ڤەیس گوتی، "رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ رەچاوی ئەوەی کردووە کە بەشێوەیەکی زۆر رێژەی خۆبەخشەکانی عێراقی لە کۆتایی مانگەکانی ساڵی ٢٠١٥ زیادی کردووە، بە هەزاران عێراقی کۆچیان کردووە بۆ ئەوروپا لە ٢٠١٥، بەڵام ئەو دەرفەتەیان بۆ نەرەخساوە کە چاوەروانیان دەکرد و بۆی گەرانەتەوە. بە هاوکاری لەگەڵ دەزگا حکومیەکان و دەزگا خێرخواز ی ومرۆیی و هاوبەشەکان، رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بە خۆشحاڵیەوە یارمەتی ئابووری کۆمەڵایەتی و رەوشتی دابین دەکات بۆ ئەوانەی کە گەراونەتەوە بۆ ئەوەی دووبارە داهاتووی خۆیان بنیات بنێنەوە لە عێراق".

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە سەردانی www.magnet-project.eu یاخود پەیوەندی بکەن بەرێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لەفەرەنسا، بەرێز نازەنین نۆزریان، ژمارە. +33 1 40 44 06 84، ئیمەیل: nnozarian@iom.int یاخود پەیوەندی بکەن بەرێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق، بەرێز ساندرا بلاک، ژمارە. +964 751 234 2550، ئیمەیل: sblack@iom.int